# لیستی باشترین زانکۆکانی جیهان و پرۆژەی زانکۆی کوردستان

د.جەبار قادر

لە مانگی مارتی رابردودا رۆژنامەی ( **The Times**) لیستی باشترین زانکۆکانی جیهانی بلاّوکردەوە. ئەم لیستەیە لە ئەنجامی نرخاندنی هەمەلایەنەی کۆمسیۆنی بالاّی فێرکردنەوە لەو رۆژنامەیە لە سەر زانکۆکانی جیهان ئامادە وتۆمار دەکرێ. ئەو کۆمسیۆنە بە پالپشتی دەیان پسپۆری شارەزا لە هەموو بوارەکانی خوێندن و پەروەردە و توێژنەوەی زانستیدا ئەو کارەی ئەنجامدەدا ، بۆیە راپۆرت و ئەنجامی کارەکانی جێگەی باوەر و متمانەی نێوەندە زانستی و کولتوری و میدیاییەکانی جیهانە.

رەنگبێ بەلای زۆر کەسەوە ئەو هەوالە تازە نەبێ کە زانکۆکانی هارڤەرد، کێمبرج ، ئۆکسفۆرد ، ماساچوستس ، ستانفۆرد ، پرینستن ، کالیفۆرنیا ، کۆلومبیا و شیکاگۆ لە ریزی پێشەوەی باشترین زانکۆکانی جیهانەوە بێن . لێ رەنگبێ ئەوە سەیر بێ کە ئەو هەموو زانکۆیەی ولاّتانی رۆژهەلاّتی نێوەراست و نزیک کە ئەو هەموو پارەیان تێدا خەرج دەکرێ ، چەند زانکۆیەکی ئیسرائیلی لێدەرچێ ، نێوی هیچ کامیان لە لیستی باشترین زانکۆکانی جیهاندا جێگەی نەگرتوە.

زانکۆکانی ولاّتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران و دەیان ولاّتی تری جیهانی ئیسلامی لە بارەی لیستەکەوە دەنگیان لێوە نەهات . زوربەی بەرپرسانی ئەو زانکۆیانە ، کە لە سەردەمی پێش شۆرشی زانیاری و تیکنۆلۆژیدا دەژێن ئەو هەوالە نەک هەر رایانەچەلەکاندن ، بەلکو بۆ خۆیان رێگرن لە بەردەم بیر و پرۆژەکانی پێشخستنی زانکۆ و ناوەندە زانستیەکاندا .

کاربەدەستان و بەرپرسانی ئەو زانکۆیانە باش دەزانن کە پرۆگرامی بەسەرچو و دەقگرتوو و بێکەلکی خوێندن و ، ژمارەی لە رادەبەدەر زۆری قوتابیان و ، ئاستی نزمی گوزەران و پێگەیاندن و گەشەکردنی مامۆستایان و، سانسۆری زانیاری و ئاگاداری و بالاّدەستیی ستەم و تۆقاندنی توێژەران و بیرمەندان و نەبونی ئازادی بیر و لێکدانەوە و دەیان ئەگەر و هۆکاری تر هۆی داتەپین و دواکەوتنی زانکۆ و کوشتنی رۆحی داهێنان و بلاّوبونەوەی دیاردەی گوێنەدان و دوورووویی و هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی و شێواندنی بەها زانستی و مەعریفیەکان .

هەر بۆیە باشترین زانکۆکانی جیهان لەو ولاّتانەن کە ئازادیەکانی تاک و مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسی و یەکسانی و دادوەری و گەشەکردنی ئابوری و پیشەسازیان تێدا جێگیر بووە .

لە باشترین پێنج سەد زانکۆی جیهان ، سەد و شەست و چواریان لە ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکان. لە دوای ئەو ولاّتەش زانکۆکانی ولاّتانی یەکێتی ئەوروپا دێن . لە تەک ئەمانەشدا گەلێ زانکۆی ژاپۆن ، کەنەدا ، ئوستورالیا ، نەرویژ، سویسرا ، سینگاپور، چین ، ئیسرائیل ، کۆریای باشور، مەکسیک ، رووسیا، بەرازیل ، هیندستان، نیوزیلاند ، ئەرژەنتین ، ئەفریقای باشور و شیلی ، جێگە دەگرن.

هەبوونی زانکۆی باش دەرفەتی گەشەکردنی خوێندن و زانست و قوتابیان و مامۆستایان دەرەخسێنێ و ئاستی زانستی پسپۆران بەرز دەکاتەوە . لێ مەرج نیە دەرچوی زانکۆیەکی باش پسپۆرێکی باش دەبێ . بە هەمان شێوە گەلێ جار لە زانکۆی دواکەوتودا قوتابی و مامۆستای بەتوانا و زیرەک هەلدەکەون و بە هەولّ و کۆشش و کولّنەدان خۆیان پێدەگەیەنن . لە کوردستانی ئێمە زۆر جار دیاردە و شتەکان بە روالەت پێناسە دەکرێن و هەلدەسەنگێنرێن .

کێ گوێبیستی ئەوە نەبووە کە ئەوانەی لە رووسیا و ولاّتانی رۆژهەلاّتی ئەوروپا خوێندنیان تەواو کردووە بە توانا نین لە بوارەکانی خوێندنەکانیاندا ، هەرچەندە رەنگبێ سێ لە سەر چواری بەرهەمی رۆشنبیری و زانستی کوردی لە بوارەکانی مێژوو ، کوردۆلۆجیا ، ئەتنۆگرافیا و جوگرافیا..تاد ، لەم چل سالەی دواییدا لە لایەن ئەمانەوە پێشکەش بە کتێبخانە و رۆشنبیری کوردی کراوە . هەلبەتە لە تەک کۆمەلێ توێژەر و نێوی گرنگی لە سەر شانۆی رۆشنبیری کوردی لە دەرچوانی رووسیا ،

کەسانی واش هەن کە ، بە وتەی مامۆستایەکی بەرێز ، دەبێ ماشەڵا لە بێڵگایی و بێسەوادییان بکەی بۆ ئەوەی بە نەبن بە چاوەوە !! .

لە بەرامبەر ئەماندا دەرچوانی زانکۆکانی ڕۆژئاوا تاوەکو ئێستا شتێکی ئەوتۆیان پێشکەش بە زانست و ڕۆشنبیری کوردی نەکردووە . لە سەر ئاستی زانستەکانی تریش ژمارەی ئەو کوردانەی خوێندنیان لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا تەواو کردووە و داهێنانی زانستیان بەدەستهێناوە لە پەنجەکانی یەک دەست کەمترن . ڕەنگبێ لە داهاتوودا و بە هۆی رووکردنە ڕۆژئاوا کۆمەڵێ پسپۆر و توێژەری کوردی بە توانا لە بوارە جیاوازەکاندا پەیدا بن و بتوانن خزمەتی زیاتر بە گەل و وڵاتەکەیان بکەن .

هەڵبەتە ناکرێ مرۆڤ چاوەروانی ئەوە بێ کە زانکۆکانی کوردستان بەم بارەی ئێستایانەوە تەنانەت خەون بەوەوە ببینن کە لە لیستی باشترین زانکۆکانی جیهاندا جێگە بگرن . بەڵام خۆ دەکرێ هەوڵی ئەوە بدەن هیچ نەبێ خۆیان لە تەک زانکۆ باشەکانی ناوچەکەدا ببیننەوە .

مخابن ئەو باس و خواسانەی لە زانکۆکانی کوردستانەوە دزە دەکەن پەیامی ئەوە ناگەیەنن کە هەوڵی جیدی لەم بوارەدا دەدرێ .

یەکێ لە کێشە بنگەییەکانی زانکۆکانی کوردستان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر لە سەرەتاوە هۆ و ئەگەر بۆچوونی سیاسی لە دوای دامەزراندنیانەوە بووە نەک بنەما و ستاندارتە زانستییەکان . ئەوانەی پەیوەندییان بە کار و باری زانکۆوە هەیە دەزانن زانکۆی سلێمانی بۆ یەکەمین جار لە چی بارو دۆخێکدا دامەزرا. مامۆستا و کاربەدەستانی دڵسۆز هەوڵێکی زۆریاندا ئەو زانکۆیە بکەن بە ناوەندی زانستی و شارستانی لە کوردستاندا. لێ ڕژێمی بەعس چاوی بەرایی نەدەدا کە لە کوردستاندا ناوەندێکی وا هەبێ و لە ژێر کۆنترۆلی تەواوی خۆیدا نەبێ و زوربەی هەرە زۆری مامۆستا و قوتابیەکانی ئەندامی بەعس و دەزگا سەرکوتکەرەکانی نەبن . بۆیە لە دوای نسکۆی **1975** کەوتە راونان و گۆاستنەوەی مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەڵوێست . بەوەش وازی نەهێنا و زانکۆی سلێمانی گواستەوە بۆ هەولێر و نێوی سەلاحەدینی لێنا.

لە هەولێریش قوتابیان و مامۆستایانی خاوەن هەڵوێست بوونە ئامانجی پیاوانی بەعس . لە بەهاری **1982** قوتابیانی زانکۆ و لە دوای ئەوانیش لە شارەکانی تری کوردستان لە دژی ڕژێمی بەعسی فاشی ئازایەتیەکی بێوێنەیان نواند و چەندین خۆپیشاندانی گەورەیان ڕێکخست. وەڵامی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس وەکو هەمیشە زۆر نامرۆڤانە بوو و دەیان کچ و کوری ئازا گیران و هەندێکیان لە ژێر ئەشکەنجەدا ژیانیان لە دەستدا و قوتابیەکی کوردی خەڵکی کەرکوک شەهیدکرا و چەندین کەس بریندار بوون و لە دواییدا **186** قوتابی و **27** مامۆستا بۆ زانکۆ و دەزگاکانی تری عیراق بۆ ماوەی چەندین ساڵ دوورخرانەوە . نوسەری ئەم چەند دێرە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بۆ زانکۆی مووسڵ دوورخرایەوە . سەدان قوتابی و مامۆستا ناچار بوون وڵات بەجێبێڵن .

کاربەدەستانی نوێی کوردستان قەت نە لەو قوتابیانەیان نەپرسیەوە کە بە هۆی ئەشکەنجە و زیندان و راونانەوە توشی مەینەتی زۆر هاتن ، بە تایبەتی قوتابیە کچەکان . بە هەمان شێوەش لە تەک کەس و کاری قوتابیە شەهیدەکان و بێ سەر و شوێن کراوەکان هەڵس و کەوت کرا .

ڕەنگبێ ئەم هەڵوێستەی کاربەدەستانی نوێی کورد لە گەڵ قوتابی و مامۆستای خاوەن هەڵوێست و قوربانیانی زیندووی بەعسدا وێنەی کەم بێ لە مێژووی خەباتی گەلاندا . بەڵام کاتێ ئەوانە دەبینین ، کە ئەو ڕۆژانە دەستیان لە گەڵ بەعسدا تێکەڵ کردبوو و راپۆرتیان لە سەر قوتابی و مامۆستای خاوەن هەڵوێست دەنوسی و ببوونە داردەستی ڕژێم چ لە زانکۆی سەلاحەدین و چ لە هەموو کوردستاندا و، ئەورۆ لە ریزی پێشەوەی کاربەدەستان و بەرپرسانی زانکۆکان و دەزگاکانی خوێندن و زانست دێن ،

ئەوا بە باشی لە هۆیەکانی ئەو هەلۆیستە تێدەگەین . قەت باوەر ناکریٚ ئەوانە بیانەویٚ ئەو قوربانیانە ببینن کە وەکو ئاوێنە خۆفرۆشی و بچوکی خۆیانیان تێدا دەبیننەوە .

دوای راپەرینی بەهاری 1991 سەرباری برسێتی و نەداری مامۆستایان و قوتابیان و حوکمی ملیشا لە شارەکانی کوردستاندا ، ململانێی حیزبی و پەتای شەرەپەرۆ باڵی رەشی بە سەر زانکۆدا گرت و هەرچی بەهای زانستی و زانکۆیی هەبوو خرانە ژێر پێوە . شەری خۆکوژی دوا مۆمی هیوای لای زوربەی مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆکان کوژاندەوە .
گەلیٚ لە مامۆستاکانی زانکۆ روویانکردە دەرەوەی وڵات لە یەمەن و لیبیاوە بگرە تا دەگاتە ئوسترالیا و کەنەدا بوونە هەوارگەی نوێی ئەم مامۆستا و قوتابیانە . زیاتر لە سی مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە وڵاتێکی بچوکی وەکو هۆڵەندا دەژێن .
لە سەرەتای نەوەدەکاندا زانکۆی سلێمانی سەرلەنویٚ دامەزرێنرایەوە . هەروەها زانکۆیەکیش لە دهۆک دامەزرێنرا . ئەو کاتە بە هۆی نەداری و نائەمنیەوە خەڵک پێی نەدەکرا کچانی و کورانی خۆیان بنێرنە شارێکی تر بۆ تەواوکردنی خوێندن. ئەمە لە لایەکەوە هەڵبەتە ناچاری بوو ، بەڵام کاردانەوەی خراپی هەبوو لە سەر پرۆسە و ئاستی خوێندن لە کوردستاندا . دەکرا ئەو زانکۆیانە بە شێوازێکی تر کاریان بکردبایە وەکو ئەوەی هەر یەکەیان چەند کۆلێجێکی جیاوازیان بگرتبایەتە خۆیان کە لەوانی تردا نین و لە گەڵ پێداویستی و توانا و سروشتی ناوچەکەدا دەگونجان . مخابن تاوەکو ئێستاش پرۆسەی دامەزراندنی زانکۆی نویٚ دوور لە پرینسپ و بنەما زانستیەکان و توێژینەوەی هەمەلایەنەی پێداویستی و توانا و دەرفەتەکان بەردەوامە . سەیر لەوەدایە سیاسەتمەدار بریاردەدا ، نەک دەزگای زانستی و پسپۆران ، کەی و چۆن و لە کۆی زانکۆی نویٚ دابمەزریٚ .

چونکە ئەوەندە مامۆستا نەبوون ئەرکی راپەراندنی سیٚ زانکۆ لە ئەستۆ بگرن ، لە بەر ئەوە و بە هۆی نەداری و گوزەرانی خراپی مامۆستاکانەوە ، ناچار بوون ئەوەندەی مامۆستایەک لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا وانە بڵێنەوە . ئەم کارە لە مامۆستای زانکۆ ناوەشێتەوە ، چونکە ئەو دەبیٚ کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوە و ئامادەکردنی سیمینار و وانەکان و توێژینەوە تەرخان بکات .

رەنگبیٚ یەکیٚ لە دەرهاویشتە هەرە خراپەکانی ئەم بارە ئەوە بیٚ کە ئەم زانکۆ دابراوانە لە سەردەمی جیهانگیری و شۆرشی زانیارییەدا وەچەیەکیان هێناوەتە کایەوە لە شارەکەی خۆی دەرنەچووە و دانیشتوانی شارەکانی تری کوردستانی بەلاوە لەوە دەچن وەکو لە کەوکەبێکی ترەوە هاتبێتن . ئەم وەچەیە کە زۆر باسی ئەوە دەکا دونیا بۆتە گوندێکی بچوک ( لە کاتێکدا تاوەکو چەند رۆژێک بەر لە ئێستا پەیوەندی تەلیفۆنی لە نێوان سلێمانی و هەولێردا نەبوو ) و ئاگای لە نزیکترین دەڤەرەکانی وڵاتەکەی خۆی نیە. هەستی ناوچەگەرێتی و شارچێتی و زاراوەگەرێتی بە تەواوی تەنگیان بە هەستی کوردستانێتی و هاودەردی لە لای رۆڵەکانی هەڵچنیوە . واتا ئەوەی بزاڤی رۆشنبیری و سیاسی کورد لەم بوارەدا لە ماوەی نیو سەدەدا بە دەستیان هێنابوو ، دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی بە سیاسەتی چاوچنۆکانە و چەوت و حیزبیانەی وا خەریکە بە دەیەیەک دەیسرێتەوە .
لە لایەکی ترەوە و لە بەرامبەر کەمیی مامۆستا دەستکرا بە وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر بۆ خوێندنی باڵا بیٚ ئەوەی پێداویستی و مەرجەکانی ئامادە بکرێن. ئەمانە و گەلیٚ هۆکاری تر وەکو پرۆگرامی بێکەڵکی خوێندن و ، سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان و، دەستێوەردانی دەزگا حیزبیەکان لە کار و باری زانکۆ و کۆکردنەوەی مامۆستایان بۆ گوێگرتن لە فەرمایشتەکانی پیاوانی حیزب و دامەزراندنی سەرۆک زانکۆ و راگر و سەرۆک بەشەکان و کاربەدەستانی تر زانکۆکان لە سەر بنەمای حیزبی ....تاد بونەتە هۆی قەیرانی زۆر لە زانکۆکانی کوردستاندا.
رەنگبیٚ زۆر لە کاربەدەستانی حیزب و زانکۆکان لە میدیای خۆیاندا ئەم قسانە رەت بکەنەوە بەڵام لە وت و وێژ و دانیشتنە تایبەتیەکانیاندا دان بە هەموو ئەمانە و دەیان شتی تردا دەنێن .
کردنەوەی زانکۆ بە بریاری حیزب نەک لە گۆر پێداویستی وڵات و بازاری کار و لێکدانەوەی هەمەلایەنە و زانستیانەی ئەم جۆرە کارانە لە لایەن لیژنەیەکی شارەزا و پسپۆرەوە و کردنی زانکۆ بە پاشکۆی حیزب و سەرکردایەتی کێشەی وەکو ئەوەی زانکۆی ئایندەی لێدەکەوێتەوە.
بەر لە چەند ساڵێک لە ئەنجامی باس و خواسێکدا لە مەر زانکۆ و کێشەکانی لە کاربەدەستێکی بەرزی وڵاتدا ئەم چەند بیرۆکەیە هاتنە کایەوە.

دوای ئەوەی پێشکەش بە کاربەدەسەتان کران و هیچیان لێ سەوز نەبوو ، وا لێرەدا بە هەندێ دەستکارییەوە دەیانخەمە بەردەستی خوێنەران و کاربەدستانی زانکۆکانی کوردستان . لە کاتی خۆیدا نێوی (پرۆژەی دامەزراندنی زانکۆی کوردستان ) م لەو چەند بیرۆکەیە نابوو.

پەروەردەکردن و ئامادەکردنی کادرانی پاشەرۆژ لە هەموو بوارەکانی زانست و پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی ....تاد خاڵێکی گرنگی ستراتیژی گەلان و وڵاتانە و ئەوەندەی گرنگیی بە ئاوەدان کردنەوەی وڵاتان دەدرێ ئەوەندەش پیتە بەم لایەنە گرنگە دەدرێ ، چونکە بەبێ کادیری نیشتمانپەروەر و دڵسۆز گەشتی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەدا وەگەڕ ناکەوێ .

هەرچەندە ئێمە ئێستا لە کوردستاندا سێ زانکۆمان هەیە ، بەڵام هەموو دەزانین ئەو زانکۆیانە لە بارێکی تایبەتیدا هاتوونەتە کایەوە و لە سەر بنەما و بنگە گەلێک دامەزراون کە لە رژێمەوە بۆ ئێمە بە جێماون .

تەنانەت بەرپرسانی ئەو زانکۆیانە نازانن فەلسەفەی خوێندن و پەروەردەکردن لەو زانکۆیانە لە سەر چی بنەمایەک دارێژراون.

ئەوەی باش دەزانرێ ئەوەیە کە لە سەر بنەمای کوردایەتی ناچن بەرێوە و زۆر کەم کەڵک وەردەگرن لە فەلسەفە نوێیەکانی خوێندن و پەروەردە کردن و بەرهەمەکانی شۆڕشی زانیاری و

تکنۆلۆژی .

هەندێ هەوڵ لە ئارادان بۆ ئەوەی ئەو زانکۆیانە پێش بخرێن ، لێ مخابن تاوەکو ئێستا لەوە ناچێ شتێکی ئەوتۆیان لێ سەوز بووبێ ، هیچ نەبێ لە چۆنایەتیدا شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ .

هەندێ لە هۆیەکانی ئەو بارەی زانکۆکان لە گەڵ پرۆسەی سازکرنیانا لێکئالاون و بە ئاسانی و بەهەمان کادر ناکرێ رابماڵرێن . ئەو زانکۆیانە توانای ئەوەیان تێدا نیە کە لە خۆیاندا شۆڕشێکی زانستی و کولتووری ئەنجام بدەن . بۆیە پێموایە بیرکردنەوە لە دامەزراندنی زانکۆیەکی دی لە سەر بنەمای زانستەکانی سەردەم و فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردنی مۆدێرن و هزری کوردایەتی کارێکی بەجێیە و ناکۆک نیە لە گەڵ ئەو ڕاستییەدا کە تەنانەت سێ زانکۆش بۆ کوردستان زۆرە .

دامەزراندنی ئەو زانکۆیە لە سەر بنەمای نوێ و هاودەم و دوای لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە لە ستراتیژ و ئامانج و فەلسەفەی فێرکردن و پەروەردەکردن ، دەتوانی ئەرکی گۆڕینی ئەو زانکۆیانەش ئاسان بکا ، چونکە دەبێتە نموونە و دەتوانن چاوی لێ بکەن و هەوڵی گۆڕانکاری لە خۆیاندا بدەن .

شایانی باسە هەموو ئەو گەلانەی بیر لە پێشکەوتن دەکەنەوە هەوڵی لەو جۆرەیان داوە و زانکۆی تایبەتیان دروست کردووە یا ریگەیان داوە زانکۆی ئەمریکی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی لە وڵاتەکانیاندا دابمەزرێ . ئێمە رەنگبێ رەوشی سیاسی و جیۆسیاسی وڵاتەکەمان ریگەی ئەوەمان نەداتێ بە ئاسانی زانکۆیەکی ئەمریکی لە کوردستان بکەینەوە ، بۆیە دەبێ کورد بۆ خۆی ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ .

لێرەدا نامەوێ زۆر خۆم بە باس و خواسی تیۆرییەوە لەم بارەیەوە خەریک بکەم ، چونکە ئەوە بابەتێکی فراوانە و مرۆڤ دەتوانێ لە کاتی پێویستدا تویژینەوەی زانستیی فراوانی لە سەر بکا .

من لێرەدا تەنها ئاماژە بە هەندێ لە هێڵ و خاڵە سەرەکییەکاندا دەکەم . هەر لە دەسپێکەوە و پێش دەستکردن بە دامەزراندنی ئەم زانکۆیە پێویستی بە لیگەرانی هەمەلایەنە هەیە لە مەڕ توانا زانستی و ئیدارییەکانی کوردستان بۆ کارێکی لەم جۆرە ، بۆ ئەوەی بە کەسانێک بسپێردرێن کە لە ئاستی گرنگیی و ئەمانجەکانی دامەزراندنی زانکۆیەکی هاودەم و مۆدرێن بن .

دامەزراندنی ئەم زانکۆیە هەڵبەتە بارێکی ئابووری و دارایی دی دەخاتە ئەستۆی حکومەت . واتە پرۆژەیەکە پارەی تێدا خەرج دەکرێ بێ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەم بدا بەدەستەوە ، بەڵام لە داهاتوودا دەبێتە سەرمایەیەکی مەزن بۆ بنیاتنان و گەشەکردنی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی . لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەم زانکۆیە هەر لە سەرەتاوە بیر لە پرۆژەی ئابوری تایبەت بە خۆی بکاتەوە و تەنها چاوەروانی دەستی حکومەت نەبێ . تەنها بۆ نمونە دەبێ بیر لە نەخۆشخانەی تایبەت بە خۆی بکاتەوە . هەروەها دەبێ بیرۆی ئەندازیاری و تەلارسازی تایبەت بە خۆی هەبێ و بتوانێ لە ئامادەکردنی نەخشە و پلانەکانی ئاوەدانکردنەوەدا پێشبرکێ لە گەڵ بیرۆ و ناوەندی هاوچەشندا بکات. هەروەها ناکرێ ئەورۆ زانکۆیەکی باش هەبێ بێ ئەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی نەبێ کە ببێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ ئەو کۆمەڵگەی کاری تێدا دەکا . سەرباری ئەمانە دەیان پرۆژەی زانستی و ئابوری تر هەیە کە دەبێ زانکۆی هاودەم بیری لێ بکاتەوە و کارمەندانی بۆ تەرخان بکا و ببێتە داینەمۆیەک بۆ گەشەکردنی وڵات و چارەسەرکردنی تەنگ و چەڵەمە و کێشەکانی .

ئەم زانکۆیە دەکرێ لە کاری خۆیدا دوو شێواز بگرێتە بەر. یا لە شێوەی کۆلێجی سەربەخۆدا وەکو کۆلێجی پزیشکی ، کۆلێجی ئەندازیاری ، کۆلێجی ئاداب ... تاد ، یا بریتی بێ لە بەشی سەربەخۆ و جیاوازی زانستەکان و بەو شێوەیە زانکۆ بریتی دەبێ لە کۆی بەشەکان .

خوێندن لەم زانکۆیە دەبێ پێنج ساڵ بێ ( کۆلێجی پزیشکی نەبێ کە شەش ساڵ دەبێ ) . رەنگبێ باشترین شێواز ئەوە بێ کە ساڵی یەکەم گشتیی بێ و قوتابیان دابەشی سەر دوو گروپی سەرەکی بکرێن : زانستە کۆمەڵایەتی یا مرۆڤانیەکان و زانستە سرفەکان. لە ماوەی ئەو ساڵەدا توانا زانستی و کولتووری و کەسایەتی قوتابیان دەردەکەون و مامۆستایان و بەرپرسان ، هەڵبەتە دەبێ خواستی رەوای قوتابیش لە بەرچاو بگیرێ ، دەتوانن بزانن کام بەش بە کەڵکی کام قوتابی دێ و لە گەڵ توانا و خواستەکانیدا دەگونجێ .

ئەو قوتابیانەی لەم زانکۆیە وەردەگیرێن بژاردەن واتا بۆر و زۆر بەدادی بە هیچ شێوەیەک دادی ئەم زانکۆیە نادا . بۆ دەرچوانی بەشی زانستی رێژەی نمرەکان 90 و بۆ بەشی ئەدەبیش لە 85 یا 80 کەمتر نەبێ . ئەمە زانکۆی بژاردەیە و دەبێ داهێنەران و پسپۆران بۆ داهاتوو ئامادە بکەن ، بۆیە پێویستیی بە ژمارەی زۆری قوتابیان نیە . نابێ ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکاندا لە بیست قوتابی زیاتر بن بۆ ئەوەی مامۆستا و یاریدەدەرەکانی بتوانن بە هەموو قوتابیاندا بگەن و چاودێری کار و پرۆژەکانیان بکەن و کاتی تەواویان بۆ تەرخان بکەن .

زانکۆی ئەورۆ بێ ئامادەکردنی کەرەستەکانی خوێندن و ئەزموونگە و جێگەی خوێندن و حەسانەوە وماڵی قوتابیان و کتێبخانە و هەموو پێداویستییەکانی تری ناتوانێ ببێتە زانکۆ . بۆیە پێش ئەوەی دەست بکرێ بە وەرگرتنی قوتابیان دەبێ پێداویستیەکانی زانکۆ ئامادە بکرێن . ئەگەر ئەمە پێش چەند ساڵێک ئەرکێکی قورس بوو ئەوا لە باری ئەورۆدا پێموایە بە باشترین شێواز دەکرێ جێ بە جێ بکرێ . زانکۆ بۆ هەمیشە دەکرێتەوە بۆیە گرنگە هەنگاوەکانی دوای بیرکردنەوە و وردبونەوە بێ و یەک لە دوای یەک بێ . دەبێ هەمیشە بەخۆیدا بچێتەوە و کار و ئەنجامەکانی هەڵبسەنگێنێ بۆ ئەوەی پەرە بە لایەنە باشەکانی بدا و خۆی لە تەنگ و چەڵەمە و کەمایەتیەکان رزگار بکات .

بۆ خوێندن لەم زانکۆیە ناکرێ تەنها لە رێگەی نمرەوە قوتابیان وەربگیرێن ، بەڵکو دەبێ قوتابیان لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر و شارەزا و دڵسۆزەوە گفت و گۆیان لە گەڵدا بکرێ بۆ ئەوەی توانای زانستی و کولتوری و دڵسۆزییان بۆ زانست و کۆمەڵگە دەستنیشان بکرێن . ئەمانە ئەرکی بنیاتنانی کوردستانیان لە دوا رۆژدا لە ئەستۆ دەبێ بۆیە وردبونەوە لە کەسایەتی و تواناکانیان ئەرکێکی نەک تەنها زانستیە بەڵکو نیشتمانی و نەتەوەییشە .

مامۆستا بە تواناکانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەتوانن رۆڵی گرنگ ببینن لە دامەزراندن و گەشەکردنی ئەم زانکۆیەدا . هەروەها دەکرێ راوێژ بە هەندێ لە زانکۆ گرنگەکانی جیهان بکرێ بۆ ئەوەی لە ئەزمونی دەوڵەمەندی ئەوان کەڵک وەربگیرێ . ئەو مامۆستایانەی لەم زانکۆیە کار دەکەن دەبێ گوزەرانیان باش بێ بۆ ئەوەی هەموو کاتی خۆیان بۆ کاری زانکۆ و زانست و قوتابیان تەرخان بکەن و ناچار نەبن وانەی زۆر بڵێنەوە بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن . بۆ مامۆستایانی کوردی دەرەوە دەکرێ بە کۆنتراکتی ساڵانە یان هەوڵی گەرانەوەیان بدرێ بۆ وڵات . گەلێ مامۆستای بیانیش ئامادەن بۆ شەش مانگ یا ساڵێ بێن بۆ کارکردن لە زانکۆیەکی لەو جۆرەدا .

چونکە قوتابیانی ئەم زانکۆیە پارە و توانایەکی زۆریان تێدا خەرج دەکرێ ، بۆیە حکومەت دەبتوانێ کۆنتراکتیان لە گەڵدا بکا و مەرجی ئەوەیان بۆ دانێ کە دەبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە دەزگاکانی دەوڵەتدا کار بکەن و ئەوەی ئەو ئەرکەی بەجێ نەهێنا یا نەیتوانی خوێندن تەواو بکا ئەوا دەکرێ ئەوە برە پارەی تێیدا خەرج کراوە لێی وەربگیرێتەوە . بە گشتی حکومەت دەتوانێ بۆرس بدا بە قوتابیان و ئەو پارەی تیاندا خەرج دەکا لە دوای تەواوکردنی خوێندن لێیان وەربگرێتەوە . ئەم جۆرە هەنگاوانە بۆیان هەیە پێگەی خوێندن لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەرز بکەنەوە و بەهاکانی زانکۆ و خوێندن لە زانکۆدا بگێرنەوە .

هەروەها چونکە ئەو قوتابیانەی لەم زانکۆیە وەردەگیرێن بژاردەن و دەبێ ببنە داهێنەر ، بۆیە دەبێ هەندێ جیاواز لە قوتابیانی دی هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا بکرێ . وەکو ئەوەی لە ساڵانی خوێندندا مانگانەی زیاتریان بدرێتی و لە دوای تەواوکردنی خوێندنیش و بە پلەی بەرزتر لە دەرچوانی زانکۆکانی تر دابمەزرێن و دامەزراندنیان لەدام و دەزگاکانی دەوڵەتدا مسۆگەر بێ و بێ کار نەمێننەوە و تا ئەمان هەبن دەرچوانی زانکۆکای دی دانەمەزرێن .

هەڵبەتە لە زانکۆیەکی لەم جۆرەدا زمانی ئینگلیزی لە تەک زمانی کوردی و عەرەبیدا دەبێ یەکێ لە مەرجە سەرەکییەکانی خوێندن و دەرچوون بێ . لە سەردەمی جیهانگیری و شۆرشی تکنۆلۆژی و زانیاریدا زانینی زمانی ئینگلیزی بۆتە مەرجێکی گرنگی پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤ . نەزانینی ئەو زمانە دەبێتە کۆسپێک لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی قوتابی و مامۆستا و

هەموو کارمەندان . هەروەها قوتابیانی ئەم زانکۆیە لە بواری بەکارهێنانی کەمپیوتەردا لە سالآنی خوێندندا دەبێ شارەزایی تەواو پەیدا بکەن و بتوانن لە کارو باری رۆژانەیاندا بە شێوەیەکی باش بەکاری بێنن .
گومان لەوەدا نیە کە باشترین نێو بۆ ئەم زانکۆیە ( زانکۆی کوردستان ) و دەکریێ لە شوێنێکی وا دوروست بکریێ کە لە دواییدا ببێتە بنگەی شارێکی زانکۆیی و کوردستان شانازی پێوە بکات .
فەلسەفەی فێرکردن لەم زانکۆیە راهێنانی قوتابیە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن ئەزمون و کەسایەتی سەربەخۆ و هەر بۆ خۆی کێشە و پرسەکان دەستنیشان بکا وئەوجا بەدوای چارەسەریدا بگەرێ بۆیان ، نەک چاوەروانی ئەوە بێ یەکێ تەلقینی بدا و زانیار بئاخێنێتە مێشکیوە . ئەو جۆرە قوتابیانە لە دواییدا دەتوانن کێشەکانی ژیانی عەمەلی دەستنیشان بکەن و چارەسەرییان بۆ بدۆزنەوە . ئەمەش یەکەمین هەنگاوە بۆ ئەوەی لەم بارەی ئێستا رزگارمان بێ بۆ ئەوەی بۆ سانایيترین کار پەنا ببەینە بەر کۆمپانیای بیانی و ، بۆ چارەسەرکردنی بچوکترین درم و نەخۆشیش سەری خۆمان بۆ دەرەوەی کوردستان هەڵبگرین .
هەڵبەتە کێشەکانی زانکۆ لە کوردستان قسە و باسی زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرن، بەلآم بۆ وروژاندنی پرسەکە پێم باش بوو ئەو چەند دیرە بخەمە بەر خوێنەران و قوتابی و مامۆستایان و ئەوجا کاربەدەستانی ولآت .